السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچووین لە مانگی ڕەمەزاندا، لە گەرمایەکی بەتیندا، هەتا تەنانەت یەکێک لە ئێمە دەستی بە سەریەوە بوو (بۆ خۆپاراستن لە) تینی (گەرمای تیشکی خۆر)، وهیچ یەکێک لە ئێمە بەڕۆژوو نەبوو جگە لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وعبداللەی کوڕی ڕەواحە نەبێت

لە ئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچووین لە مانگی ڕەمەزاندا، لە گەرمایەکی بەتیندا، هەتا تەنانەت یەکێک لە ئێمە دەستی بە سەریەوە بوو (بۆ خۆپاراستن لە) تینی (گەرمای تیشکی خۆر)، وهیچ یەکێک لە ئێمە بەڕۆژوو نەبوو جگە لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وعبداللەی کوڕی ڕەواحە نەبێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لە ئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە دەرچوون بۆ سەفەرێک لە مانگی ڕەمەزاندا، و لەو ڕۆژەدا گەرمایەکی بەتین هەبوو، هەتا تەنانەت یەکێک لە ئەوان دەستی بە سەریەوە بوو (بۆ خۆپاراستن لە) تینی (گەرمای تیشکی خۆر)، وهیچ یەکێک لە ئەوان بەڕۆژوو نەبوو جگە لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وعبداللەی کوڕی ڕەواحەی ئەنساڕی نەبێت -ڕەزای خوای لێبێت-، ئارامگر بوون لەگەڵ ئەو گەرمایە وڕۆژوویان گرت، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە ڕۆژوو بگیرێت ئەگەرچیش سەفەرەکە ناڕەحەتی تێدا بێت ئەگەر ناڕەحەتیەکە نەگاتە ئاستی زۆر ترسناک.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4505

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee